# راگەیاندنی کۆمەڵە دەربارەی مەحکوم کردنی ئێعدامی ئیحسان فەتاحییان



لە رۆژانی رابردوودا هەوڵی دژەی ئینسـانی دادسـتانی دادگای گشـتی کامیاران بۆ سـەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر زیندانی کورد ئیحسـان فەتاحیان و هەروەها جێ بە جێکردنی حوکمەکەی بەردەوام بوو. سەرەڕای هەوڵدانی بنەماڵەکەی ئیحسان و پارێزەرانی ماف مرۆڤ و رێکخراوەو نەهادە نێوەنەتەوەییەکانی دیفاع لە ماف مرۆڤ، بەداخەوە ئەم حوکمە بەرەبەیانی ئەورو لە زیندانی شاری سنە بەرێوە چوو. لەم چەند رۆژەدا هەوڵی بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و تەنانەت مانگرتنی زیندانیانی سیاسی ناو هەندێ لە زیندانەکان و لەوانە زیندانی شاری سنە بە دژی حوکمی ئێعدامی ئیحسان فەتتاحیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بەردەوام بوو بە چەشنێك کە هێزە ئەمنییەتیەکانی کۆماری ئیسـلامی و بەرپرسـانی زیندانی شـاری سـنە، دۆخێکی ئەمنی و نیزامییان بەسەر شاری سنەدا سەپاندووە. کۆمەڵە وێڕای سەرەخۆشـی لە بنەماڵە و کەسوکاری شەهید ئیحسان فەتاحیان، ئێعدامی ئیحسان بە توندی مەحکوم دەکات و ئەمەش وەك خاڵێکی رەشی دیکە دەچێتە کارنامەی جەنایەتی بەرپرسانی رژیمەوە. بەرپرسانی کۆماری ئیسـلامی دەمێك سـاڵە بە ئەسـتاندنی گیانی رۆڵەکانی خەڵك و تێکۆشەرانی سیاسی بزووتنەوەی کوردسـتان، دەیانهەوێ دەنگە نەیارەکانی خۆیان بسرنەوە و ئارامشی قەبرسـتانی بەسـەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. بێ شك ئەم سیاسـەتە چەوتە ئاکامێکی جگە لە شکست بۆ رژیمەکەیان نەبووە و لەوە بەدواش نابێت. پێویستە رێکخراوەکانی دیفاع لە ماف مرۆڤ بەردەوام بن لەسەر بەرین کردنەوەی کەمپەینی لەقاودانی پێشێلکاری ماف مرۆڤ لە لایەن رژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی جیهانیدا.

کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠ ی خەزەڵوەری ١٣٨٨

# راپۆرتی بەرێوەچوونی کۆنفرانسی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات




رۆژی ٣٠ ئۆکتۆبر کۆنفرانسی تەشکیلاتی دەرەوەی کۆمەڵە بە بەشداری ژمارەیەك لە رێبەری و کادرو ئەندامانی کۆمەڵە لە وڵاتی هولەند و هاوکات لە رێگای ئینترنێتیشـەوە هاوڕێیانی کۆمەڵە لە کانادا بەشـدارییان کرد و بۆ ماوەی سـێ رۆژ بەردەوام بوو. سـەرەتای کۆنفرانس بە چەند سـاتێك وەسـتان بۆ یادی گیان بەخت کردوانی کۆمەڵە و دواتر سـرودی بانگەواز دەستی بە کار کرد.پاشـان بەڕێز هاوڕێ عەبدوڵلا موهتەدی سکرتێری گشتی کۆمەڵە راپۆرتێکی سیاسـی سـەربارەت بە هەل ومەرجـی ئێران و دوایین گۆرانکاریەکانـی ئیران و بزوتنەوەی جەمـاوەری ئەم دواییانە و بارودۆخی کوردسـتان وپێویسـتی بەشـداری خەڵکی کوردسـتان لـەم خەباتە دا و پێویسـتیی هێنانە گۆڕێی داخوازیەکانی گەلی کوردە پێشکەش کرد.پاشان کومیتەکانی دەرەوەی وڵات هەرکام راپۆرتی خۆیان پێشکەش کردو لە لایەن بەشداربووانەوە تاوتۆی کران و راوبۆچوونیان لە سەر ئاڵ وگۆرکرا. لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانس دا ئەرك وچالاکیی کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵات خرانە بەر باس و لێکۆڵینەوە.
یەکێکـی دیکـە لـە خاڵەکانی کۆنفرانـس هەڵبژاردنی ٥ کەس بوو بـۆ راپەراندنی ئـەرك وکارەکان کە لە لایەن ئەندامانی بەشدارەوە هەڵبژێردران.
کۆنفرانس لە کەش وهەوایەکی پڕ لە هاودڵیگەرم وگوڕ دا سەرکەوتوانە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٩/١١/٦

# فریوکاری ئێران بەرانبەر بەئاژانسی وزەی ئەتۆمی، بریارنامەیەکی نوێی بەدژی ئێران لێکەوتەوە




**ئاسۆی رۆژهەلات:** رۆژی سێشەممە ٢٠٠٩/١١/٢٤ هەندێ لە دیپلۆماتەکان رایانگەیاند رەشنووسی گەڵاڵەیەکـی نوێیـان پێشکەشـی ئاژانسـی نێونەتەوەیـی ئەتـۆم کـردوە کە لـەم گەڵاڵەدا داوا لـە ئێران کـراوە پێکهاتەی بنکـە نەهێنیە ناوکییەکانـی خـۆی لـە نزیکی شـاری(قۆم)دا بناسـێنێتو دانیـش بنێت بەوەدا کـە ناوەندی نەهێنـی دیکـەی نیە.ئەم رەشنووسـە لەلایەن وڵاتانی ئامریکا،رووسیە، چین،فەرانسە،بریتانیاو ئاڵمانەوە پشـتگیری دەکرێتو لە کۆبوونەوەی دواتـری ئاژانسـدا کە لە رۆژی پێنج شـەممەوە دەسـتی بەکارکربـوو، لـە رۆژی جۆمعـە ٦ی سەرماوەزدا ئەم بابەت تاووتوێ کراو بووە هۆی مەحکووم کردنی ئێران.

شـایانی باسـە کـە پشـتگیری چینورووسـیە لـەم رەشنووسـە بـە هەنگاوێکـی گرینـگ دەژمێردرێت چونکوو تائێستا لەم کۆبوونەوانەو دانیشـتنەکانی شـۆرای حوکامـدا خۆیـان لـە هەڵوێسـتی تونـدو یەکگرتـوو بـەدژی ئـێران دەپاراسـتو لە هەمانکاتیشدا بەدژی بایکۆت بۆ سەر کۆماری ئیسلامی بوون.

پەسـەندبوونی ئـەم بریارنامە پاش چوارسـاڵ یەکـەم بریارنامـەی ئاژانسـە بـەدژی ئـێران. ئاژانس ئاماژەشی بەوەدا کە ئاشکرابوونی بنکە تازەکانـی پیتاندنی یۆرانیۆمی ئێران لە فۆردوو، لـە متمانەکردن بەوەیکە ئێران ناوەندی نەهێنی دیکەی ناوکی لەم جۆرەی نیە کەم کردوەتەوە. بە وتـەی هەنـدێ لـە دیپلۆماتەکانـی نزیك لە ئاژانـس، رەشنووسـی گەڵاڵەکـەی زلهێزەکان، داوا لە ئێران دەکات کـە لە کاتێکی دیاریکراودا وردەکاریەکانـی مەبەسـتی رژیـم لە درووسـت کردنی ئەم ناوەندە ناوکییەو هەروەها وردەکاری نەخشـەکەی بـڵاو بکاتـەوە. دیپلۆماتێکی باڵا بـە هەواڵنـێری رۆیتـێرزی راگەیانـدوە :» لـە دانیشـتنەکانی گرووپی شـەش لە برووکسـێلدا هاودەنگی لەسەر ئەوە هەبوو کە ئاشکرا کردنی بنکەی (فـۆردوو) گۆڕانێکی نوێی جیددی»ە کە شایانی سەرنجی تایبەتە لەلایەن ئاژانسەوە.

پێش ئـەم بریارنامـەی رۆژی ٧ی سـەرماوەز، دوایـین بریارنامـەی پەسـەندکراو لەلایـەن شـورای حۆکامـی ئاژانسـەوە بـۆ فیڤرییـەی ٢٠٠٦دەگەڕێتەوە کە بەهۆی سەرپێچی ئیرانەوە لە هەڵپەساردنی پیتاندنـی یۆرانیۆمو مۆڵەتی تەواو نەدان بە پشـکێنەران بۆ پشـکنینی بنکە ناوکییـەکانو ئەنجامدانـی لێکۆڵینـەوە، فایلی ئێرانیـان نارد بۆ شـۆرای ئاسایشـی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان.

بـەو جـۆرەی کۆماری ئیسـلامی بە ئاژانسـی نێۆنەتەوەیی وزەی ناوکـی رایگەیاندوە بنکەی فۆردوو کە یەکێکە لـە بنکە تازەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم ، لە سـاڵی ٢٠١١و بە توانای سـێهەزار دەزگای سـانتریفیۆژەوە دەست بەکار دەکاتو مەبەستیشی بەرهەمهێنانی سووتەمەنی سووکی پیتێنـراوە بـۆ ئامانجـە ئاشـتی خوازیانە. ئەم بنکە لە ٢٠کیلۆمیتری شـاری (قۆم)و لە قووڵایی شاخێکدایەو لەلایەن سپای پاسدارانەوە بەرێوە دەبرێت.

شـرۆڤەکارانی رۆژئـاوا لەسـەر ئـەو بـاوەرەن کـە ناوەنـدی ناوکی فـۆردوو هێنـدە چکولەیە کـە تەنیـا بـۆ بەرهەمهێنانـی یۆرانیـۆم بـۆ دروسـتکردنی چەکی ناووکی، دەکرێـت کەڵکی لێوەربگیردرێـت. چونکـوو بنکـەی پیتاندن بۆ مەبەستی ئاشـتیخوازانە پێویسـتی بە هەزاران سـانتریفیوژی چـالاك هەیـە تاکـوو بتوانرێـت سووتەمەنی پێویسـت بۆ دامەزارووەکانی وزەی ناوکی دابین بکات.

شـایانی باسە کۆماری ئیسـلامی ئێران بۆیەکەم جـار لەمانگـی سـیپتامبری ئەمسـاڵدا نامـەی ئاشـکراکردنی ئـەم بنکەیەی نارد بۆ ئاژانسـی نێۆنەتەوەیـی وزەو رایگەیانـد کـە دوو سـاڵە درووسـتکردنی ئـەم بنکـە دەسـتی پێکراوە. ئەمـە لە کاتێکدایە بەرێوەبەری گشـتی ئاژانس لـە راپۆرتەکەی خۆیـدا رایگەیاندوە کە بەڵگەی بەدەسـتەوەیە کـە درووسـتکردنی ئـەم بنکە لـە ٢٠٠٢وەوە دەسـتی پێکـراوە بـەڵام لە٢٠٠٤ راگـیراوەو دیسـان لـە ٢٠٠٦وەوە سـەرلەنوێ درووسکردنی دەستی پێکردوتەوە.

## بۆ بەرێز: سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

لە گەڵ سلاوی گەرم و شۆرشگێرانە
بە بۆنـەی بەسـتنی کۆنگـرەی چوارەمی سـازمانی خەباتی کوردسـتانی ئێران لە لایەن دەفتەری سیاسی وکومیتەی ناوەندی کۆمەڵەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەیـن و هیوادارین کۆنگرەیەکی سـەرکەوتوو پڕ ناوەرۆك بێ .
لـە کاتێك دا ئێوە کۆنگرە دەبەسـتن کـە کۆمەڵگای ئـێران لـە هـەل ومەرجێکـی تـازەی خەبـات دایە. بزوتنـەوەی ئێعـترازی کۆمەلانـی خەڵکـی ئـێران و کوردستان چۆتە قۆناغێکی تازەی خەبات و شەقامی شـارە گەورەکانـی ئـێران بۆتـە مەیدانـی خۆراگری بـە دژی رژیمـی کۆماری ئیسـلامی و تا دێ ئاسـتی داواکاری و خواسـت و دوروشمەکانـی خەڵکی نارازی لە سـتەم و چەوسـانەوەی کۆماری ئیسلامی بەرینتر دەبـێ و ناکۆکی گەورە بەرپرسـانی رژیم زیاتر پەرە دەسـتێنێ. بێشـك ئەو بارو دۆخە کاریگەری لە سەر بزوتنـەوەو کۆمەڵگای کوردسـتانیش دەبـێ. بۆیە لە وەهـا هەل ومەرجێکی خەباتی سیاسـی دا پێویسـتە هێـزە سیاسـیەکانی کوردسـتانیش بەرنامەی تۆکمە و ورد بـۆ ئەم قۆناغـە لە خەبات دارێـژن و هاوکاریی زیاتری هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە هەموو کات پێویسترە.
جارێکـی دیکـەش پیرۆزبایـی بەسـتنی کۆنگـرەی چوارەمتـان لێ دەکەیـن و هیوای سـەرکەوتنتان بۆ دەخوازین .

دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٣٣٨٨/٨/١٤
٢٠٠٩/١١/٨

## بروسکەی سەرخۆشی بە بۆنەی : مەرگی حاجی «وەلی حەیدەری»

بـە داخـەوە ئاگـادار کرایـن کـە رۆژی ١٨ ی خەزەڵوەری١٣٨٨ ی هەتـاوی رێکەوتی ٩ی نوامبری ٢٠٠٩ ی زایینـی حاجـی «وەلـی حەیـدەری» بـرای شـەهیدی کۆمەڵە کاك «جەلیل حەیدەری» لە شـاری پاوە بە هۆی نەخۆشی سەرەتانەوە ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.
ئێمـە بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشـی خۆمان ئاراسـتەی بنەماڵە و خزم و دوستانی حاجی «وەلی حەیدەری» و سـەرجەم خەڵکی تێکۆشەری ناوچەی پاوە دەکەین و هەروەها خۆمان بە شەریکی غەم و پەژارەیان دەزانین .

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٢-١١-٢٠٠٩

## چارەنوسی خوێندکارانی دەستگیرکراو لە خۆپیشاندانەکەی زانکۆی تاران نادیارە

بەپێـی ئـەو هەواڵانـەی ماڵپـەری رەوانیـوز بـڵاوی کردۆتـەوە لە ٨٨/٨/٢٥ خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران دوابەدوای ئیعدام کردنی ئیحسان فەتاحییان لە زیندانی شاری سنە، دەسـتیان دایە کۆبوونەوەیەکی هێمنانـە لـە دژی بەرێوەچوونـی ئـەم حوکمـە. بە شـوێن کۆبوونـەوەی نارەزایەتـی خوێندکارانی کورد لـە بەردەم کۆلێژی یاسـا و زانسـتی سیاسـی تاران، حـەوت خوێنـدکار لەلایـەن هێـزە ئەمنیەتییـەکان دەستگیر کراون و تا ئێسـتا هیچ زانیاریەك سەبارەت بە شوێنی دەستبەسەرکردنیان لە بەردەست دا نییە. نـاوی خوێندکارانـی دەستبەسـەر کـراو بریتیـن لە: ئەحمـەد ئیسـماعیلی خوێندکاری ژمێریـاری، ئامانج رەحیمـی خوێنـدکاری مودیریەتـی بیمـە، عەبـدولا عارفی خوێندکاری زانکۆی عەلامە، پەخشـان عەزیزی خوێنـدکاری کۆمەڵایەتـی زانکۆی علمـی کاربوردی، لەیـلا محەمەدی خوێندکاری تەربیەت بەدەنی زانکۆی ئەلزەهـرا، سـروە وەیسـی خوێنـدکاری تەربیـەت بەدەنی زانکۆی ئەلزەهرا، هەژار یوسـفی خوێندکاری موهەندسی کشتوکاڵی زانکۆی علمی کاربوردی.